زانكۆی گەرمیان
University of Garmian

# شیعرییەتی ناو لە رۆمانی"دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی دا

سروە تاهیر عەلی[1] ، ئەڤین ئاسۆس حەمە[2,3]
1بەشی کوردی شارەزور ، زانکۆی هەڵەبجە
2پەروەردەی رانیە
3بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی راپەڕین

پێشەکی:
شیعرییەتی دەق هەموو ئەو رەهەندو رێسایانە دەگرێتەوە، کە دەربڕینێک لە دەربڕینێکی تر جیادەکاتەوە و داهێنانی ئەدەبی تێیدا لە دایک دەبێت.لە بواری هونەری چیرۆک و رۆماندا،توێژەران کار بۆ ئەوە دەکەن بتوانن شیعرییەتی هونەری گێڕانەوە دەستنیشان بکەن.رەگەزە پێکهێنەرەکانی رۆمان و بنیاتی گێڕانەوە لە رۆماندا مەودایەکی فراوانی هەیە،شیعریەتی رەگەزەکان و شیعرییەتی بەشە سەرەکییەکانی زمان و کەرەسەکانی دەربڕین زیاتر یارمەتیدەرە بۆ شارەزابوونی زیاتر لە بوونیادی رۆمان و شێوازی شیعری بوون و لایەنی فۆرم وبنەما دەلالی و پێکهاتەییەکانی رۆمان،لەم روانگەیەوە دەقەکانی "بەختیار عەلی" لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکاندا توانیویەتی شیعرییەت بەدەقەکانی ببەخشێت،بەتایبەت ئەو ناوانەی لە رۆمانەکانیدا بەکاریهێناون بەجۆرێکن، سیمایەکی شیعری و داهێنەرانەی خولقاندووە، کە جیای دەکاتەوە لە رۆماننووسەکانی تر، هەر ئەمەش وایکرد ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی( شیعرییەتی ناو لە "رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی دا) ئامادە بکەین.توێژینەوەکە پێک دێت لە دوو بەش، بەشی یەکەم باس لە چەمکی شیعریەت و ناو لەرووی زمانەوانی و پەیوەندی شیعرییەت وزمانەوانی و رۆڵی ناو لەناو دەق ئەدەبیدا دەکات، بەشی دووەم باس لە شیعرییەتی زمان دەکات لە رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا" و شیعرییەتی ناو و رۆڵی ناو لەپێکهاتنی وێنەی هونەری دەکات. لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان خراونەتە روو.
ئەم توێژینەوەیە بە پێی رێبازی شیوازگەری کاری لەسەر چۆنیەتی شیکردنەوەی چەمکەکان و کارکردن لەسەر دەقی رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"، کردووە.

کلیلی وشە: (بەختیار عەلی، شیعرییەت، هەنار، ناو، رۆمان(

چەمکی شیعرییەت//

شیعرییەت یەکێکە لەو زاراوانەی لە گوتاری رەخنەی هاوچەرخ دا وەک پرۆسەیەکی گرنگ سەیر دەکرێت،کار لەسەر ئەدەب بە گشتی دەکات.سەبارەت بە چەمکی شیعرییەت گەلێک راو بیروبۆچونی جیاواز هەیە نوسەران و رەخنەگران لەسەر یەک جۆرە چەمک رێک نەکەوتون، چونکە تێگەیشتن لەم چەمکە بە پێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتوە، ئەگەر وەک هەر چەمکێکی دیکەی ئەدەبی بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروستبونی ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای ئەرستۆ، چونکە بە یەکەمین کەس دادەنرێت، کە باسی لەم چەمکە کردوە ، لە کتێبەکەیدا (هونەری شیعر) بەم شێوەیە شیعرییەت دەخاتەڕوو ((ئەو زمانە شیعرییەیە کە وشەی ناباوی تێدا بەکاردێت ،بەرزی و شکۆمەندی تێدایەو لە سەروو ئاستی زمانی رۆژانەوەیە ، مەبەست لە وشەی ناباو وشەی خوازەو وشەی درێژکراوەو هەرشتیکی ترە ، کە لە حاڵەتی ئاسای بەدەر بێت))(ئەرستۆ،٢٠١١:٨٣)لێرەدا ئەرستۆ زمان بە پێوەرێکی گرنگ دادەنێت لە دروستبونی شیعرییەتدا،هاوکات جەخت لەسەر بەکارهێنانی جۆرە زمانێک دەکات جیاواز بێت لە زمانی ئاسای رۆژانە. "رۆمان یاکۆبسن"یش سەبارەت بە شیعرییەت دەڵێت ((هەمو ئەو سیمایانەیە کە خامەی زمانی دەکەنە کارێکی هونەری ، یان دەڵێت شیعرییەت بە دەوری ئەرکدا چەق دەبەستێت ، یان ئەو ئەدایەیە کە وا لە کارێکی زمانی دەکات ببێتە شیعر یان پەخشان))(ئیدریس عەبدوڵا٢٠١٣:٢٠٥). "یاکۆبسن" بەهەمان شێوە شیعرییەت بە بەشێکی دانەبڕاو لە زمان دادەنێت ، ئەو

ئەرکە دەداتە پاڵ زمان ،هاوکات بڕوای وایە شیعرییەت دەقێکی ئەدەبی  لە دەقێکی نا ئەدەبی جیا دەکاتەوە. دوا بە دوای"ڕۆمان یاکۆبسن" "جان کۆهین" دێت. هەڵدەستێت بە پۆلێن کردنی ڕادەی شیعرییەت لە نێو ژانرە ئەدەبییەکانداو دەڵێت (( شیعرییەت زانستی شێوازی شیعریە ، ئامانجی گەڕانە بە دوای ئەو بنەمایانەی کە لە پۆلێنکردنی دەق بەسەر خانە ئەدەبییەکاندا پشتی پێدەبەسترێت ، خانە ئەدەبییەکانی وەک شیعر ، پەخشان ، پەخشانە شیعر))(دلاوەر ئیبراهیم حەمە ساڵح،٢٠١٥:١٦) ، بڕوای وایە شیعرییەت زیاتر بەرخانەی شیعر دەکەوێت، بەبڕوای ئەو ((شیعرییەت، زانستێکە بابەتەکەی شیعرە))(جان کۆهین،١٩٨٦:٩)،بەڵام چەمکی شیعرییەت لای "تۆدۆرۆڤ" بە پێچەوانەی "یاکۆبسن و کۆهین"ەوەیە."تۆدۆرۆڤ" بۆ چەمکی شیعرییەت لە سنوری بەرتەسکی شیعر ڕەت دەبێت ، هەوڵی داوە تیۆرێکی گشتگیر بینا بکات سەبارەت بە شیعرییەت و هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی وەک (چیرۆک و ڕۆمان ...هتد) لە خۆبگرێت تا ئەو چەمکە بە هەمو ئەدەبەوە پەیوەست بکات، چونکە پێیوابوو شیعرییەت زانستی هەمو ئەدەبە نەک تەنها شیعر و دەڵێت ((شیعرییەت زانینی ئەو یاسا گشتیانەیە کە لەدایکبونی کاری ئەدەبی دیاری دەکەن و لەدوای ئەو یاسایانەش دەگەڕێ کە لە خودی ئەدەب خۆیدا هەن ))(خەلیل ئیبراهیم مستەفا،٢٠٠٩:١٤)،شیعرییەتی بە هەموئەدەب پەیوەست کردوە بەبێ جیاوازی و پۆلێنکردن. لە سەدەی بیست بەدواوە چەمکی شیعرییەت وەک چەمکەکانی  گۆڕانی بەسەردا هاتووە و سیمای نوێی وەرگرتووە و تەنها لەیەک بوارەوە لێی ناکۆڵرێتەوە، بەڵکو لە ڕێی زمانەوانی و سیمۆلۆژیا و دەروونناسییەوە لێی دەکۆڵرێتەوە.

لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا چەمکی شیعرییەت وەک چەمکێکی شێوازناسی و ڕەخنەیی کاری لەسەر دەکرێت و  نووسەران و لێکۆڵەران کار دەکەن لەسەر دەرخستنی پلەی شیعریەت و بنەما و ڕەهەندەکانیان خستۆتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەو توێژینەوەیەشدا هەوڵدەدەین لە ڕێی بەشەکانی ئاخاوتنەوە کار لەسەر شیعرییەت بکەین و بەهای کەرەسەکانی زمان لەناو ڕۆمانی"دواهەمین هەنار"ی"بەختیار عەلی" دا دەربخەین .

چەمکی ناو لە رووی زمانەوانییەوە:زمان گرنگترین و سەرەکی ترین تایبەتمەندییە، کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە، زمان وەک هۆکارێک یا  کەناڵێک وایە بۆ لێک نزیکردنەوەی مرۆڤ لەیەکتری، هەروەها وەک بوونەوەرێکی زیندوو وایە بەردەوام لەگۆڕان و گەشەسەندن دایە(( بێگومان زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هاوشانی گەشەندنی شارستانیەت و کۆمەڵگا گەشەدەکات و لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگاکەی خۆی دەگونجێنێت))(علی عبدالواحد وافی،٢٠٠٤:٩٦) لە لایەکی تر زمان وەک زانستێک یاساودەستوورەکانی زمان پێکدەهێنن،"زمانەوانی" لە هەموو ئەو دەستوور و یاسایانە دەکۆلێتەوە، کە زمانەکەی لەسەر بنیاتنراوە. هەروەها بیرمەندان و زمانەوانەکان بە چاوی بایەخەوە لە زمانیان روانیوە، هەمیشە بە پێکهاتەیەکی زیندوویان داناوە، کە بەردەوام لە گۆڕانکاری دایە، هەروەک "سۆسێر" لەم بارەیەوە دەڵێت(( لە شیکردنەوەی زماندا دەبێ سەیری زمان بکرێ وەک سیستەمێکی تەواوی زیندووی سەربەخۆ، ئامانجی زمانەوانەکان دەبێت هەوڵدان بێت بۆ تێگەیشتن و دەرخستنی ئەم سیستەمە و چۆنیەتی کارکردنی))(موحسین عەلی حوسێن،٢٠١٤:١٩) ئەم گۆڕانکارییانەش لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ڕەنگی داتەوەتەوە و بە تێپەڕبوونی قۆناغەکان ئەم زانستەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

زمان وەک زانست لە چەند ئاستێک پێکدێت، ڕێزمان یەکێکە لەو ئاستانە و لەسەر کەرەسەی چەسپاوی ئەو زمانە دادەڕێژرێت،بنەماورێسا تایبەتییەکانیشی هەر لەو زمانەوە سەرچاوە دەگرن((ڕێزمان ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، کە لەهەردوو لایەنی وشەسازی"مۆرفۆلۆجی" و رستەسازی" سینتاکس" دەکۆڵێتەوە))(نەریمان عەبدوڵا خۆشناو،٢٠٠٩:٧) ، هەربەکە لەو دوو لایەنانەش لە رووی ڕێزمانیەوە دەستووری تایبەت بەخۆیان هەیە لە پێکهاتن و شێوازی داڕشتن و جۆرەوە.لێکۆڵینەوانەکان بوونە هۆکارێک بۆ دیاری کردنی جۆری جیاجیای هەر یەک لەم بەشانە وسەرچاوەی پەیدابوونی یاسا ڕێزمانییەکان .

سەرەتا ودەرکەوتنی بەشەکانی ئاخاوتن و لێکۆڵینەوە لێیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانییەکان و " ئەفلاتون و ئەرستۆ" لە یەکەمینەکانی ئەو گرنگیپێدانە بوون(( بۆ یەکەم جار نەخشەیەکی لەباری بەشەکانی ئاخاوتن لە لایەن زانا یۆنانییەکانی ئەسکەندەرییەوە"سەدەی دووەمی پێش زاین لە شاری ئەسکەندەرییە"، کە بۆ زمانی خۆیان سازیان کردبوو هاتە ناوانەوە. ڕۆمانەکان ئەو نەخشەیەیان بەدەستکارییەکی کەمەوە بۆ زمانی لاتینی وەرگرت، لەسایەی دەوری زمانی لاتینیەوە لە کلتوری سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەو نەخشە کۆنە بۆ لێکۆڵینەوەی هەندێ لە زمانە ئەوروپاییەنوێکان بەکارهێنراو دواتر بۆ زمانەکانی

دیکەی جیهان کەڵکی لێ وەرگیرا))(ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٧٩:٣)،بە سەرهەڵدانی هەریەک لە قوتابخانە زمانەوانییەکانیش زیاتر کار لەسەر ئەوبابەتە کرا، هەیەکەیان بە پێی لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەش کردووە بۆ سەرچەند جۆریک، هەندێکیان بۆ "٨" بەش و هەندێکی تریان بۆ "١٠" بەش، ئەم دابەشکردنەشیان(( لەسەر بنەمای واتای وشەکان نەکردووە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەرک و چۆنیەتی و پێکهاتەی وشەکە رێکخستووە))(ماریۆ پای،١٩٩٨:٩٩)،بەو واتایەی هەریەک لە وشەکان تایبەتمەندی و ئەرک و پێکهاتەی خۆیان هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لە یەکتری،لێکۆڵینەوە لەو بەشانەش دەچێتە بواری زانستێکەوە، کە بە زانستی" مۆرفۆلۆجی" ناودەبرێت.ئەویش(( بەو بەشە دەڵێن، کە لە چۆنیەتی پێکهاتن و یاسای دروستبوونی وشەکانی ئەمرۆی زمان دەکۆڵێتەوە))(ئەورەحمانی حاجی مارف،١٩٨٧:٢١)،کەواتە وشەکانی زمان لە رێی یاساو دەستورێکی تایبەت بەخۆیان باسیان لێوەدەکرێت و لێیان دەکۆڵرێتەوە ئەمەش ئیشی زاناو توێژەرەکان ئاسانتر دەکات. یەکێک لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەشێکی زۆری زمانەکەی لەسەر بنیات دەنرێت،بابەتی" ناو" ە، کە بەشێکی سەرەکی توێژینەوەکەی ئێمەش پێکدەهێنێت، لێرەدا پێناسەی ناوو تایبەتمەندی و جۆرەکانی بەکورتی لە رووی زمانەوانییەوە دەخەینە بەرباس.

ناو لە رووی پێناسە وباسکردنەوە چەندین پێناسەی جیاجیای بۆکراوە، هەر لە کۆنەوە بەپێی گۆڕان و سەرهەڵدانی تیۆرە جیاجیاکانی زمانەوانی پێناسەی جیاجیای وەرگرتووە، ناو لەبەرامبەر وشەی(اسم)ی عەرەبی و (noun) ی ئینگلیزی دا بەکاردەهێنرێت. لە دیارترین ئەو پێناسانەی بۆ ناو کراوە،ئەوەیە(( وشەیەکە دەلالەت لە کەسێک یا گیانەوەریك یا رووەکێک یا شتێک یا واتایەک، کە کاتی تێدا نەبێت))(فؤاد نعمة،؟ :١٧)،یان((وشەیەکە واتایەک دەگەیەنێت و نەبەستراوەتەوە بە کاتی رابردوو و ئێستا و داهاتوو)(السید احمد هاشمی،٢٠٠٥:٢٠)،لەو پێناسانەدا ئەوە دەردەخەن، کە ناو وشەیەکە ئاماژە بە ناوی زیندوو نازیندوو دەکات بەڵام کاتی لەگەڵدا نییە. واتە سیفەتی جیاکەرەوەی ناو ئەوەیە، لە واتاکەیدا کاتی رابردوو یا ئێستا یا داهاتوو دەرناخات.

لە زمانی کوردیدا باس کردن لە ناو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی لە بارەی ناوەوە کراون، کە بەشێوەیەکی گشتی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی "عەلی تەرەماخی"هەروەها لە سەرەتاکانی سەدەی " بیست"یشدا چەندین لێکۆڵینەوەی جیاجیا لە گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە، دیارترینیشیان(سەعید سدقی کابان، تۆفیق وەهبی، نوری عەلی ئەمین، رەشید کورد، جگەرخوێن، محمدمین هەورامانی.....)و هەروەها لە ئێستاشدا لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتە زمانەوانییەکان بەشێوەیەکی گشتی و ناو بە تایبەتی بەردەوامی هەیە .

شیعرییەت و زمانەوانی : زمان یەکێکە لە هۆکارەکانی گەیاندنی دەقی ئەدەبی و وەک کەناڵێک لە کەناڵەکانی گەیاندن کاردەکات.هەروەها یەکێک لەو ئەرکانەی بۆ زمان دانراوە، ئەرکی ئەدەبییە، ئەمەش لە رێی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانەوە بەئەنجام گەیشتووە. لەگەڵ گەشەسەندنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان بونیاتی دەقی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە لە کرۆکی دەقی ئەدەبی کەوتنە بەر باس،(( بنەمای پەرەسەندنی شیعرییەت وەک چەمکێکی نوێ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە زمانییەکانی سەدەی بیست و دارشتنەکانی فۆرمالیستە رووسەکان"١٩١٥-١٩٣٠" و چالاکییەکانی قوتابخانەی مۆرفۆلۆژی ئەڵمانیا"١٩٢٥-١٩٥٥"و رەخنەی نوێی ئەنجلۆ سەکسۆنی لە ئەمریکا و ئینگلتەرا، دواتریش لە شیکردنەوەی بونیادگەرەکانی فەرەنسا لەسەرەتای شەستەکان هاتە ئاراوە و وەک سیستەمێکی نوێ گەشەی کرد))(هێمن عومەر خۆشناو،٢٠١٠:٢٧) ، ئەمەش وایکرد شیعرییەت وەک چەمکێکی نوێ لەناو لێکۆڵینەوە زمانەوانی و ئەدەبییەکان دا بێتە ئاراوە و بەشێوازێکی نوێ لێکۆڵینەوە لەدەقی ئەدەبی بکرێت، هەروەک((شیعرییەت خۆی لە بابەتی زمانەوانی دا دەدۆزێتەوە و زمانیش خاڵی هاوبەشی نێوان شیعرییەت و زمانەوانی پێکدەهێنێت))(بشیر تاوریرت،٢٠١٠:٣٠٥)،هەرلەبەر ئەمەش لەرێی تیۆر و دەستوورە زمانەوانییەکان لێکۆڵینەوەکانیان دامەزراند.

کارکردن لەسەر کەرەسەکانی زمان لە نێو دەقی ئەدەبی دا شیعرییەت بەرجەستە دەکات، ئەمەش زمانیکی ئاسایی لە زمانێکی بەرز جیادەکاتەوە، هەروەک چۆن زمانی قسەکردنی رۆژانە و زمانی نووسین دوو شتی لێک جیاوازن، لەهەمان کاتدا نووسەر یا شاعیر بۆ دەربڕینی بیرەکانی پەنا بۆ زمان دەبات، واتە لە رێی زمانەوە دەقێکی ئەدەبی دەنووسێت،هەڵبەت ئەو زمانەش تارادەیەکی زۆر جیاوازە لە زمانی ئاخاوتن((بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی رۆژانە، زمانی چیرۆک و زمانی شیعر دیاریدەیەکی تەواو ئالۆزە، چونکە

نه كات"مێژوو" نه شوێن"جوگرافیا" نه ڕێزمان و یاساكانی واتاسازی و ڕێنووس سنوری بۆ ناكێشێ و لەدەسەڵاتی كەم ناكەنەوە))(محمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠:٤٠١)،بەو پێیە ئەوەی شیعریەت دروست دەكات ئەو جیاوازییەی نێوانیانە. جوانكردنی دیوی دەرەوەی دەق لە ڕێی هەڵبژاردنی كەرەسەكانی زمان و چۆنیەتی ڕێكخستنی دەستەواژە و ڕستەكان و گرنگیدان پێی لە ڕێی خۆخەریككردن و گرنگیدان بە بەهای وشەكان لە ڕێی ئامادەگی زمانەوەیە، شیعریەت لەناویاندا خۆی دەبینێتەوە، بەو هۆیەوە دەقێكی ئەدەبی یا دەقێكی داهێنەرانە لەدایك دەبێت،بەمەش ئەركی زمان و ئەركی شیعریەت لێك نزیكدەبنەوە،هەروەک"جان كۆهین"لەو بارەیەوە دەڵێت(( ئەگەر سۆسێر پرەنسیپی ڕاڤەكردنی زمان بەزمانی خستبووە كار، ئەوا پێویستە شیعریەتیش هەمان پرەنسیپ بەكاربهێنێ، وەک بواری زمانەوانی كە تەنیا بایەخ بە زمان دەدات، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، كە شیعریەت ، زمان بە گشتی ناكاتە بابەتی خۆی، بەڵكو لەشێوەی تایبەت كورتی دەكاتەوە. شاعیر بە ئاخاوتنی خۆی نەک بە هزر و هەستی، بە وشە ..نەک بە بیر، لەبەر ئەوە بلیمەتی ئەو لە داهێنانی زمان دایە))جان كوهین،١٩٨٦:٤٠)، هەروەها"ڕۆمان یاكبسۆن" لەو بارەیەوە دەڵێت(( شیعریەت گرنگی بە دابەشبوونی زمانی دەدات، هەروەک چۆن نیگاركێش گرنگی بە بونیاتی نیگار دەدات، هەروەها چونكە زمانەوانی زانستی گشتی بونیات و پێكهاتەی زمانییە، ناشێ شیعریەت وەكو بەشێكی جیاواز لە زمانەوانی دابنێین))(رومان جاكوبسن،١٩٨٨:٢٤)،هەربۆیە گرنگی دان بە مەسەلەزمانەوانییەكان بابەتی شیعریەت تۆختر دەكاتەوە لەناو دەقێكی ئەدەبی دا، چونكە وادەكات دەقێكی ئەدەبی لە دەقێكی نائەدەبی جیابكاتەوە. "شەفیعی كەدكەدەنی" پێی وایە(( شیعر تێكشكانی زمانی ئاساییە، ئەو كاتەی نۆرمی زمان تێكدەشكێ، راسانی واژەكان بەرەو روومان دەكرێنەوە و دەچینە پانتایی شیعرەوە))(عەبدولخالق یەعقوبی،٢٠٠٢:١٤)،نووسەر یا شاعیر رۆڵی گرنگ دەبینێت،لەگەڵ جۆر و چۆنیەتی مامەڵەكردنی لەگەڵ هەڵبژاردنی كەرەسە زمانییەكان و چۆنێتی ڕێكخستنیان،لە دواجاردا بەو هۆیەوە مەسەلەی ئیستاتیكای شیعری و شیعریەت بەرجەستە دەبن.مرۆڤ لەگەڵ گەشەسەندنی بوارەكانی ژیانی و گەشەسەندنی شارستانییەت بەردەوام لە گۆڕانكاریدایە و زمانیش یەكێكە لەو بوارانەی بەردەوام لەگەشەسەندن دایە، ئەمەش لەلایەک بەهۆیٚ ئاخێوەرانی و لەلایەک بەهۆی زمانەوان و نووسەران، كە بەردەوام لەهەوڵدان بۆ بەدیارخستنی سیمای نویٚ بە زمان و چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەو زمانەش لەناو دەقێكی ئەدەبیدا((بێگومان مرۆڤ لەگەڵ پەرەسەندنی سەرجەم لایەنەكانی ژیانیدا هەوڵدەدات سیماو بەرگی نویٚ بە زمان ببەخشێت، كە نووسەری دەقیش گەورەترین دەسەڵاتە لەم هەوڵەدا، جگە لەوەش مرۆڤ هەوڵدەدات بە كەمترین وشە زۆرترین دەلالەت دەربكاتە دەرەوە و لەدەقەكەیدا بنیاتی بنێت.))(نەجات حەمید ئەحمەد،٢٠٠٨:٣٩)،چۆنیەتی مامەڵەكردنی نووسەر لەگەڵ دەق و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەكان و چۆنیەتی ئاوێتەبوونیان لەگەڵ یەكتر شیعریەتی دەق بەرەو بەرزبوونەوە دەبەن، چونكە زمان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی شیعریەت نەک،هزری نووسەر و ناوەرۆكی دەق((لە نێو كایەی ئەدەبیدا زمان وەک هێڵێكی راست وایە هەردوو جەمسەرەكەی بریتین لە ئیستاتیكا و شیعریەت،كاردەكاتە سەر شێوازی كاركردنیان و دەبێتە ڕێڕەوێک و بەنێویدا بۆ نێو پێكهاتەی دەقی ئەدەبی تێدەپەڕن))(هێمن عومەر خۆشناو،٢٠١٠:٣٠)،ئەمەش سەلیقەیی و لێهاتوویی نووسەر دەردەخات، كەبەهۆی سیحری وشە و بەكارهێنانی لەدەقیكدا تا چ ئەندازەیەک كاریگەری لەسەر خوێنەر درووست دەكات.بەو پێیە زمان و شیعریەت لە پەیوەندییەكی لێكنەپچڕاودان لەگەڵ یەكتری،بەهەردووكیان دەقێكی ئەدەبی بەرز دەنەخشێنن.

ناو و ڕەنگدانەوەی لەدەق ئەدەبی دا : زمان هۆیەكە بۆ دەربڕین، ئەو دەربڕینانەش لە كەرەسەكانی زمانەوە یا لە بەشە ئاخاوتنەكانەوە سەرچاوە دەگرن،واتا هەر مرۆڤێک بۆ دەربڕینی ئەو هزرەی لە زەینی دایە پەنا بۆ زمان دەبات و لە ڕێی ریزكردن و گونجاندنی دەنگەكان و وشە و دەستەواژە و ڕستەكان پەیوەندی لەیەكترگەیشتن ئەنجام دەدرێت،بەواتایەكی تر كەرەسەكانی زمان لە ڕێی یاساو دەستورێكەوە ڕێكدەخرین و دەگەیەنرێن، "سۆسێر" لە روانگەی بیركردنەوەكانی خۆیەوە لە لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكانی دا دووانەی"زمان-ئاخاوتن"ی كردە بنەمایەک بۆ كاركردن لەسەر بابەتەزمانەوانییەكان و جیاوازییەكیشی لەنیوان ئەو دوو پێكهاتەیەدا كرد((ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی زمان لە بنچینەدا سیستەمێكی كۆمەڵایەتییە، كەچی ئاخاوتن چالاكییەكی تاكەكەسییە))(نعمان بوقرە،٢٠١٦:٣٢)،ئەم سیستەمەی زمانەش، هەموو ئەو یاسا و دەستوورانە دەگرێتەوە، كە زمانەكەی لەسەر بنیات نراوە و قسەپێكەرانی زمان لەسەری كۆكن.ئاخاوتن یا قسە رووە پراكتیكییەكەی زمانە و بەپێی كەسەكان دەگۆڕێت.كاتێک باس لە زمان دەكرێت لەناو كردەی دەقێكی ئەدەبیدا،ئەوا باس لەو دەستوور و یاسا ڕێزمانییانە دەكرێت، كە لە

شێوە ئاسۆیی و ستوونییەکەیدا دەقەکەی لەسەر بنیات نراوە، ئەمەش یاسا ڕێزمانی و پێکهاتە زمانییەکان دەگرێتەوە،لەلایەکی تر کاتێکیش باس لەدەقێک دەکرێت لە ئاستی بەکارهێنانی وشەدا،ئەوا هەموو ئەو یاسا مۆرفۆلۆژیانە دەگرێتەوە، کە هەڵبژاردنی وشە و لادان لە ئاستی وشە و کۆمەڵێ یاسای تر لەخۆ دەگرێت.لەم باسەمان دا یەکیک لەبەشەکانی ئاخاوتن یا "بەشەکانی وشە" مان وەرگرتووە، کە لەناو دەقی ئەدەبیدا بەکارهێنانی بەرچاوی هەیە و زۆرجار بۆ مەبەستی جیاجیا نووسەران و شاعیران پەنای بۆ دەبەن.ئەویش بابەتی : ناو" ە لەناو دەقدا، مەبەست لە دەقیش ئێمە لێرەدا دەقی شیعر و دەقی پەخشان بەنمونەی چیرۆک و ڕۆمان وەردەگرین، چونکە ئەم چەند ژانرە زیاتر پەیوەندییان بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەیە.

ناو لە دیارترین پێناسەیدا، کە لەتەوەری پێشوو تر باسمان کردووە، ئەوەیە، کەبۆ ناونانی کەسێک یا شتێک یا گیاندارێک جا گیانەوەربێت یا رووەک بێت بەکاردێت. هەروەها ناو وەک کەرەسەیەکی زمانی بەچەندین شێوە پۆلێن دەکرێت، واتا چەند جۆرێکی هەیە لە رووی شێوە و ناوەرۆک یا لە رووی هەبوونەوە،جا بەکارهێنانی هەریەک لەو جۆرە ناوانە لەناو دەقێکی ئەدەبی تەنها مەبەست لێی لایەنە ڕێزمانییەکە نییە،بەڵکو ئەرکی تر وەردەگرێت و نووسەر بەمەبەست لە ڕێی هەڵبژاردنی لەناو بەشە ئاخاوتنەکانی تر ماهیەت وگرنگی خۆی پێدەبەخشێت، لێرەدا بە پێی بەکارهێنانی چەند ئەرکێک بۆ ئەو مەبەستە بەدیاردەخەین:

1 - بەمەبەستی جوانکاری: شاعیران و نووسەران زۆرجار بەمەبەستی جوانکاری و ڕازاندنەوەی دێڕە هۆنراوەکانیان، ناوەکانیان بە جۆرێک بەکارهێناوە، کە سیمایەکی ئیستاتیکی بەدەق ببەخشێت، ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی ڕەوانبێژی وزۆرجاریش دروستکردنی وێنەی هونەری بەدەقەکە، هەروەک "نالی" دەڵێت:

لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ

بێ خەتا کەس نییە ڕازی کە لە ئەولادی درێ (نالی،١٣٩١هەتاوی:٦٦٠(

لەم دێڕە هۆنراوەیەدا، چەند ناوێک بەکارهاتوون؛وەک (جگەرگۆشە، شیعر، بێ خەتا، کەس، ئەولاد)ئەو وشانە سەرەڕای ئەوەی هەریەکەیان لە رووی ڕۆنان و پێکهاتنەوە جۆرێکن یا بۆ ناوی کەسێک یا شتێک بەکارهاتوون، بەڵام شاعیر لێزانانە ئەو ناوانەی بەکارهێناون، کەئەمەش سەلیقەیی و زمان پاراوی " نالی" دەردەخات. شاعیر هەوڵی داوە لە هەردوو ناوی" جگەرگۆشە – شیعر" وێنەیەکی هونەری دروست بکات،لەڕێی هونەری لێکچواندنەوە وێنەیەک لە زیهنی خوێنەردا دروستبکات، هەروەک شیعرەکانی وەک جگەرگۆشەی خۆی چواندووە، ئەگەر بێ ئەوەی هەڵەیەکیان کردبێ لێیان بدرێت و ڕەخنەیان لێبگیرێت، ئەوا هێچ کەس ڕازی نابێت. بۆیە ئەویش ڕازی نییە بێ هۆ ڕەخنە لە شیعرەکانی بگیرێت. لەلایەکی تر بۆئەوەی هارمۆنیەت یا گونجانێک لەنێوان وشەکان دروست بکا، لەجیاتی ناوی (خەتابار) ناوی(بێ خەتا)ی بەکارهێناوە، کەئەوەش لە رووی ڕۆنانەوە جیاوازن لەیەکتر و هەمان واتاشیان هەیە. هەروەها لەدەقی پەخشانیش دا هەمان شت بەدی دەکرێت، واتا دەکرێت نووسەر سود لەو ناوانە وەربگرێت، کەبەکاریان دەهێنێت و نەک هەرتەنها وەک ناوێک، کەتەنها پڕکردنەوەی ڕستە بێت لەرووە ئاسۆییەکەیەوە، بەڵکو نووسەر دەتوانێت سیمایەکی نوێ بەناوەکە ببەخشێت و جۆرێک لە شیعرییەت بنوێنێ، هەروەک لە ڕۆمانی "ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زیلن"ی"جەبار جەمال غەریب" دا دەردەکەوێت، (( مەرجاندڵ هەمیشە دەیپرسی بۆ ناوی ئەو هەم مەرجانە و هەم دڵ، بابی گوتبووی : لەبەر ئەوەی تۆ مەرجانی دڵی))(جەبار جەمال غەریب،٢٠١١:٥)ناوی"مەرجاندڵ"ناوێکی لێکدراوە لە رووی ڕۆنانەوە،بەلام لە رووی دەلالییەوە دەلالەتێکی نوێی پێبەخشیوە،واتایەکی قوڵتر هەڵدەگرێت،ئەویش ئەوەیە مەرجان شتێکی بەنرخە و شتە بەنرخەکانیش هەمیشە لەدڵدا بایەخیان زیاترە،هەروەها لەرووی فۆنەتیکییەوە مۆسیقایەکی نوێی بەناوەکە بەخشیوە، کە ئاستی شیعرییەت بەناوەکە دەبەخشێت.

٢ -ڕەمز: ڕەمز بنەمایەکی بەبایەخی دەربڕینی شیعری و ئەدەبی یە، یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی لادانە واتاییەکان، بەواتایەکی تر(( بەرهەم و لەدایکبووی لادانە واتاییەکانە، چونکە هەرکاتێک ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دال و مەدلوول هەیە، دەستکاری کرا ئەو واتایەی کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتووە دەگۆڕێت))(سافیە محەمەد ئەحمەد،٢٠١٣:١٨٠)،هەروەها ڕەمز کۆدێکە ئاماژەیەکە و پەیامێک دەگەیەنێت،جا ئەو کۆدە ناو بێت یا هەر بەشیك بێت لەبەشەکانی تر.نووسەران و شاعیران زۆرجار ناو بۆ دوور لە واتاو مەبەستی خۆی بەکاردەهێنن و وەک ڕەمزێک سیمایەکی نوێی پێدەبەخشن، هەروەک بۆ چۆن ڕەمز بۆ کۆمەڵێ مەبەست

بەکاردەهێنرێت، لەلایەکی تر چەند جۆرێکی رەمزمان هەیە، وەک رەمزی" ئایینی ، مێژوویی ، زانستی، فۆلکلۆری....هتد" ئەم جۆرانەش لە نمونەی شیعری شاعیران و چیرۆکنووسان و رۆماننووسان بەرچاو دەکەوێت. "عەبدوڵا پەشێو" دەڵیت:

من هەم ونیم دووپێیەکم

کەچی ئەوا

زەردەواڵەی دووپێ دەمخۆن (عەبدوڵا پەشێو،٢٠٠٢:٣٢٨(

لێرەدا هەردوو ناوی "دووپێ، زەردەواڵە" وەکو کۆدێک بەکارهاتوون، یەکەمیان ئاماژەیە بۆ "مرۆڤ" و دووەمیان ئاماژەیە بۆ"دوژمن".هەروەها لە رۆمانی"ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن" بەهەمان شێوە نووسەر لە رێگای دەربڕینی ناوەکانەوە بە رەمز ئاماژە بە واتای نوێ دەکات((بە زەوق خۆت نیە، لەسەر سەرمان خوا هەیە، کەس قبوڵ ناکات تۆ بەحەرامی لەپاڵ ئەو زەندیقەدا بژیت))(جەبار جەمال غەمبار،٢٠١١:٩١)،لێرەدا نووسەر چەند ناوێکی بەکارهێناوە" سەر، خوا،کەس...زەندیق" لەناویشیاندا ناوی "زەندیق" وەک رەمزێکی ئایینی بەکارهاتووە، کە واتای" بێباوەڕبوون – کافر" دەگەیەنێت. ئەمەش ئەرکێکی تر بۆ ناو فەراهەم دەکات، کە نووسەری دەق بە پێی سەلیقە و توانای خۆت دەتوانێت سود لەو کەرەسەیەی زمان وەربگرێت سیمایەکی نوێ و واتایەکی نوێ و شیعرییەتیش بنوێنێت.

-3ناوی کارەکتەر: لە هونەری گێڕانەوەدا نووسەران بەتایبەت لە هونەری چیرۆک و رۆمان دا، سودی لێوەردەگیرێت، نووسەر لە کاتی نووسینی دەقەکەی بۆ ئەوەی رەوتی گێڕانەوەی رووداوەکانی ناو دەقەکەی رێک بخات، یا لە هونەری گێڕانەوەدا، کارەکتەر و کەسایەتیەکان دەهێنێتە ناو فەزای دەقەکەیەوە، هەریەک لەو کارەکتەرانەش ناوێکیان پیدەبەخشێت بۆ ئەوەی سیمایەکی واقیعی یا ئەفسانەیی یا سیمایەکی نوێیان پێببەخشێت، ناونانی ئەو کارەکتەرانەش دەکەوێتە سەر دنیابینی و هەڵبژاردنی نووسەر، هەندێک جار لەو ناونانەدا جۆرە فەنتازیایەک بەدی دەکرێت، کە لەتەواوی دەقەکەدا بایەخی خۆی دیاری دەکات، "جەبار جەمال غەریب" لە رۆمانی "ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن" چەندین ناوی کارەکتەری بەکارهێناوە، کە خوێنەر بەگەڕانەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقە زیاتر بەرجەستەیان دەکات، هەروەک"مەرجاندڵ، سەفا یاقوو، سەیفەدینی دارتاش، بهمن، پورە گەلاوێژ.....چەند ناوێکی تر" نووسەر هەریەک لەو ناوانەی بەجۆرێکبەکارهێناون، کە سیمای کارەکتەرەکەیان وەرگرتووە، ئەوەش جارێکی تر لێزانی نووسەر و وردبینی نووسەر دەردەخات لە هەڵبژاردنی ئەو ناوانەی بەکاریهێناون.ئەمانە و چەندین ئەرکی تر دەتوانین بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکەین. بەو پێیە "ناو " لە دەقی ئەدەبیدا بەکارهێنانی تایبەتی هەیە و نووسەران لە رێی دنیابینی و هەڵبژاردن و لادانی زمانی و واتاییەوە بەکاریان دەهێنن، ئەمەش شێوازی نووسەر لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر لەیەکتر جیادەکاتەوە.

بەشی دووەم:

شیعرییەتی زمان لە رۆمانی" دواهەمین هەناری دونیا"دا:

زمان یەکێکە لە بنەما تایبەتییەکانی پێکهاتنی هەر دەقێکی ئەدەبی،رۆڵێکی کارا و کاریگەر دەبینێت لە دەرخستنی توانای زمانی و فراوانی فەرهەنگی زمانی و ئەدەبی نووسەر، ئەمەش بەهای تایبەتی هەیە، هەم لای نووسەر وەک خاوەنی دەق و لای خوێنەریش لە وەرگرتنی چێژ و ئاستی دەقەکە دا خۆی بەرجەستە دەکات. زمان کاتێک لەدەقێکی ئەدەبی دا بەشداری دەکات، ئەوا پرۆسەی داهێنان لەدایک دەبێت، چونکە زۆرجار نووسەر لە زمانی باو لادەدات، هەر ئەمەشە شیعرییەت بەدیدەهێنێت((زمان وەکو ژینگەییێک، کە ئەدەبیاتی لێ پەیدا دەبێت کەرەستەییێکە بۆ تێگەیشتنی ئەدەبیات و ئەدەبیات وەکو توانایەکی زمانی لە ئاڵۆزترین ئەرکی زمانی واتە ئەرکی ئەدەبی بۆ مەبەستی جوانکاری سوود وەردەگرێت))(عەبدوسەلام نەجمەدین عەبدوڵا،٢٠٠٧:٣٣)،کەواتە نووسەر لە داهێنانی ئەدەبیدا سود لە زمان وەردەگرێت،زمان وەک ناوەندێک دەبێتە سەرچاوەی داهێنانکاری لەدەق ئەدەبیدا .

رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا" وەک یەکێک لە بەرهەمەدیارەکانی"بەختیار عەلی"زمانێکی ئەدەبی بەرز فەزای سەرەکی دەقەکەی داگیرکردووە،بەجۆرێک بەکارهێنانی وشە و هەڵبژاردنی وشە بۆتە سەرچاوەی داهێنانی ئەدەبی،ئێمە لەو تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین چەند رەهەندێک لە شیعرەتی زمان و دواتر لە رێی شیعرییەتی بەشەکانی ئاخاوتنەوە بۆ شیعرییەتی ناو بچین .

١-شیعرییەتی دەربڕین : دەربڕین لە ناو کردەی ئاخاوتن و گوتن دا، هەموو ئەو کەرەسە زمانیانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ لەو کردەیەدا بەکاریدەهێنێت، هەموو ئەمانەش پێکەوە دەقێکی ئەدەبی دەسازێنن، کارکردن لە پێکهاتەی زمان لەناو پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی ئیش کردنە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕێکخستنی ئەو دەربڕینانە،هەروەک((یەکێک لەو بنەمایانەی، کە بونیادگەرەکان پشتیان پێ بەستووە، ئەوەیە زمان سیستەمێکە لەو پەیوەندی و لێکدژییانەی، کە پێویستە ڕەگەزەکانی لەسەر بنەمایەکی شکڵی و جێگرەوەی یەک دیاری بکرێن))(بەسام قطوس،٢٠١١:١٦٤)،کەواتە زمان لەسەر پەیوەندی دەربڕینەکان بەیەکترییەوە کاردە کات. هەروەها ئەوەی دەربڕینێکی ئەدەبی لە دەربڕینێکی ئاسایی جیادەکاتەوە، هەر ئەو زمانەیە، کە نووسەر بەشێوازی تایبەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەروەها لادەدات لە زمانی باو، هەر ئەمەش هزر و خەیاڵی خوێنەر لەسەر ئەو دەربڕینە جێگیر دەکات و بەرەو تێڕامانی دەبات، ئەگەرچی مەسەلەی سەرنجدان و چێژ وەرگرتن لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازە ، هەروەها لە لەدەربڕینێکەوە بۆ دەربڕینێکی تر جیاوازە، هەروەک چۆن بەپێی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانیش گۆڕانی بەسەردا دێت(( ئەگەر ئێستا دەربڕینی شیعری و ئەدەبی ڕۆڵی هەڵگرتنی هزرو فەلسەفەی لە نێو خۆیدا نەبێ، ئەوا لە کۆندا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، لە پاڵ دەقە ئاسمانییەکان ، دەربڕینی شیعر زمانی هزر و تێڕامان بووە بۆ ژیان))(هێمن عومەر خۆشناو،٢٠١٠:٢٠٧).کاتێک باسی دەربڕین دەکرێت،لەناو دەقێکی ئەدەبی دا،ئەوا دەکرێت مەبەست لێی دەق شیعر و پەخشان بێت، چونکە هەریەک لەوجۆرانە لە ئێستادا زمانێکی شیعری هاوبەش وەک رایەڵێکی پێکەوە بەستوو،لەنێوانیاندا بەرجەستە دەبێت،هەربۆیە لەناو دەقێکی چیرۆک یا ڕۆمان هەر ئەو دەربڕینەی لە زمانی باو دەردەچێت،دەشێت بەرەو شیعرییەت بوون هەنگاو بنێت، چونکە پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی نووسەر لەگەڵ زمان و چۆنیەتی دەربڕینەکەی.لەناو دەق ڕۆمان دا نووسەر دەست فراوانترە لە چۆنیەتی ڕێکخستنی دەربڕینەکان،هەروەها زۆری دەربڕینەکان، چونکە نووسەر زیاتر دەتوانێ یاری بەو دەستەواژە و دەربڕینانە بکات تا بیەوێ بگات بەو هزرەی، کەدەیەوێت دەریببڕێت،ئەمەش بەهۆی ئەو تەکنیکەی ڕۆمان لەخۆی دەگرێت،زۆرجار لەوەسفی کارەکتەرێک یا ڕووداوێک دا چەندین لاپەڕ پڕدەکاتەوە ئینجا خوێنەر دەگەیەنێتە ئەوەی، کە چاوەڕێی دەکات،لە لایەکی تر لەگەڵ ئەو زمانە ئەدەبییەی، کە نووسەر هەڵیدەبژێرێت،پێویستە ئاگاداری ئەوەبێت، نابێت تەنها لە ئاوێنەی ڕووداوە واقیعییەکانەوە بچێتە ناو ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی،بەڵکو لەپاڵ لایەنی تەکنیکی و هونەری دەقەکەی پێویستە لە هەناویدا ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژەی و لادانی زمانی لەخۆبگرێت،بەم جۆرەش شیعرییەتی دەق زیاتر بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات. " دواهەمین هەناری دونیا" یەکیکە لەو دەقانەی ڕۆمان، ئەگەرچی لە ژانرەکانی ئەدەبدا خۆی لە ڕۆماندا بەرجەستە دەکات، بەڵام زمانی شیعری لە تەواوی نووسینەکانی دا بەدی دەکرێت، کە بۆتە خاسییەتی جیاکەرەوەی لە زۆربەی ڕۆماننووسەکانی تر، هەربۆیە زمانە ئەدەبییەکەی بەجۆرێکە، کە خۆی دەبینێتەوە لە زمانێکی شیعری تێکچڕژاو لە وشەی ناباو و دەربڕینی بەرز لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی و خۆ نەبەستنەوە بە یاسا ودەستووره باوەکانی زمان، بۆنمونە لە یەکێک لە دەربڕینەکاندا لەسەر زمانی " موزەفەری سوبحەدەم" دەڵێت(( ساڵ دوای ساڵ یادگارییەکانم هەمووی دەبوون بە لم))(بەختیار عەلی،٢٠٠٣:٦)،لێرەدا بەکارهێنانی وشەی"لم"بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەست لێی سیفاتی لمە، کە شێوەیەکی خۆگرتووی نیە لە بیابان و لەگەل شەپۆلەکانی بادا دێت و دەچن و بەهەوادا دەچن، هەربۆیە یادگارییەکانی " موزەفەری سوبحەدەم"یش کاتێک لە زیندانێک لە بیابان دیل دەکرێت، جگە لەبیابان و ئەو لمەی ئەوێ هیچ هاوەڵێکی نابێت، هەر ئەمەشە وای لێدەکات لم و یادگاریەکانی لەیەک بچن. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەربڕین لای "بەختیار عەلی" لەو ڕۆمانەدا ئەوەیە لەسەر زاری کارەکتەرەکان خۆیانەوە دەدوێت بەهەمان ئاواز و شێوازی دەربڕینیان، بەواتایەکی تر شێوازی دەنگی و دەربڕینەکانی وەک خۆی داڕشتۆتەوە، کە ببێت بەسیمایەکی جێاکەرەوە بۆ ئەو کارەکتەرە و خوێنەر تێکەڵ بکات لەگەڵ کارەکتەرە جیاوازەکان، ئەمەش لەو شێوازی قسەکردنەدا دەردەکەوێت، کە کارەکتەرەکان قسەی پێدەکەن، هەروەک چۆن کەسێک، کە زمانی پاراو نەبێت یا زمانی گیر بێت یا نەتوانێ بەشیك لە دەنگەکان بەتەواوی دەربەڕیت،ئەمەش لەو کاتەدا زۆر جوان بەرجەستە دەبێت، کاتێک"سەرباسی سوبحەدەم" دەکوژرێت و دەیەوێت لە ژێر درەختی"دواهەمین هەناری دونیا"بینێژن، لە ڕیگا لەکاتی نیوەشەودا کاتێک هاوڕێکانی دەیانەوێت بیگەیەنن بەو شوێنەی دوا هیوایەتی لە ڕێگا تووشی تراکتۆرێک دەبن کاتێ شۆفێرەکەی دێتە قسە و بەسەرباس دەڵێت(("گەر دەمری بمرە، بۆ بەم نیوە شەوە دونیات هێناوەتە توضاخ"، بەدەنگی بەرز گوتی، "من ناگەمە ڕێی صێوەزێ"))(بەختیار

عەلی،٢٠٠٣:١٣٨)یا لە دەربڕینێکی تریدا دەڵێت(( کەص لەم مەملەکەتەدا وەک صەیاقی تراکتۆر دوژمنی باران نییە))(بەختیار عەلی،٢٠٠٣:١٣٨)،هەندێ کەس ناتوانن هەندێ لە پیتەکانی زمان دەرببڕن،بەتایبەت دەنگەکانی وەک(س، ز،ث.ص....) هەربۆیە کاتێ شۆفێرەکە قسە دەکات هەر بەو شێوەیەش تۆماری دەکات، ئەمەش بۆئەوەیە خوێنەر لەگەڵ کارەکتەر و رووداوەکان زیاتر تێکەڵ ببێت .

یەکێکی تر لەو تەکنیکانەی نووسەر لەو رۆمانەدا بەکاریهێناوە و جۆرێک لە شیعرییەتی لەخۆیدا هەڵگرتووە، لەنێوان بەشێک لە پەرەگرافەکان، دێڕێکی نووسیوە، کە ئەو دەربڕینە بۆتە سەرچاوەی شیعرییەت، بۆنمونە کاتێک هەردوو سەریاس، "سەریاسی گەورە و سەریاسی بچوک" لەگەڵ یەکتردا بەشەڕ دێن، لەسەردەمی سەریاسی بچوکەوە بۆماندەگێڕێتەوە و دەڵێت(( ئەو شەوە پێمگوت بمکوژە یا دەتکوژم...بمکوژە یا دەتکوژم...بمکوژە یادەتکوژم..... من و ئەو یەکێکمان زیاد بووین، ئێمە نەدەبایە هەرگیز یەکتری بدۆزینەوە، من لەو دەترسام و ئەویش لەمن))(بەختیارعەلی،٢٠٠٣،:٢٠٤)،ئەو چەند دێڕە لەنێوان دوو پەرەگرافدایە،پەرەگرافی یەکەم باس لەسەریاسی یەکەم دەکات و پەرەگرافی دووەم باسی گەورەبوونی خۆی، لێرەدا لەرێی دووبارەکردنەوەی دەستەواژەکان (بمکوژە یادەتکوژم) جۆرێک لە ئیقاع و هارمۆنتیکیەتی دەرخستووە، کەئەمەش چێژی شیعری دەبەخشێت، هەروەها لادان لە کۆتایی دەربڕینەکە بەدی دەکرێت کاتێ دەلێت( من لەئەو دەترسام و ئەویش لەمن)دووبارە نەکردنەوەی کاری(دەترسام) بۆتە هۆێ لادانی وشە لەرستەکەدا، کە لادانی زمانیش بۆخۆی دەبێتە سەرچاوەی شیعرییەت.

٢ -شیعرییەتی بەشەسەرەکییەکانی ئاخاوتن : بەشەسەرەکییەکانی زمان هەریەکەیان رۆڵ و پێگەی خۆیان هەیە لە بونیاتنانی دەقێکی ئەدەبی،دەق بەشێوەیەکی گشتی هەر کردەیەکی گوتن یا نووسین لەسەر ئەو کەرەسانەی زمان بنیات دەنرێن،ئەگەرچی ئەو دوو کردەیە" گوتن – نووسین" تاراددەیەکی زۆر لەیەکتر جیاوازن و کەرەسەکانی زمانیش بەجیاوازی بەکاردێن،ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەو رستە و دەربڕینانەی، کە کردەکەی لێ پێکدێت،شیعرییەتیش لە ئەنجامی چۆنیەتی رێکخستن و بەکارهێنانی ئەو کەرەسانەی زمانەوە بەرهەم دێت، هەروەک لە پێناسەی شیعرییەتدا لە رووی زانستی رستەسازییەوە دەڵێن(( شیعرییەت پەیوەندی رۆنانی ژێرەو رۆنانی سەرەوەیە بەجۆرێک ئەگەر رۆنانی ژێرەوە و سەرەوەی رستە وەک یەک بن ئەوا شیعرییەت نامێنێ و ئەگەر جیاواز بن شیعرییەت دەردەکەوێت لە گۆڕانێکی راستەوانەدا دەبێت لەگەڵ گۆڕانی دوو رۆنانەکە))(محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم،٢٠١٢:١٢)،بەو پێیە ریزبوونی کەرەسە سەرەکییەکانی زمان و چۆنیەتی رێکخستنیان لەناو رستەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی شیعرییەت.کەرەسە سەرەکییەکانی زمانیش" ناو، هاوەڵناو، کار" دەگرێتەوە، چونکە چۆنیەتی بەکارهێنان و رێژەی بەکارهێنانیان شیعرییەت دەسازێنێ، ئەمەش دەکەوێتەوە سەر توانای نووسەر لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەکێک لەو وشانە. لە رۆمانی" دواهەمین هەناری دونیا"دا ئەگەر سەرنج بدەین جۆرێک لە وردەکاری رێکخستنی رستەکان و بەکارهێنانی وشەی ناباو و دووبارەکردنەوەی ناو یا کار یا هاوەڵناوبۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکارهاتوون .

زۆرجار لە رۆمانەکەیدا هەندێ وشە بەکاردەهێنێت و پێکەوەیان دەگونجێنێت، هەروەک(( فێنکییەکی سەیر لە وشەکانیدا هەبوو، وەک ئەوەی دوور لە تاڤگەیەک وەستابیت و "با" پرشنگی ئاوت بۆبێنێت))(بەختیار عەلی،٢٠٠٣:٢٤)،وشەی "فێنک" و گونجاندنی لەگەڵ "وشە" ئەو رۆنانەیە، کە نووسەر بەیەکیەوە گونجاندوون، وەک ئەوەی قسەکەر بەشێوەیەک قسەبکات، کە خۆی زۆر مەشغوڵ نەکات پێوەیی و بەساردییەکەوە قسەبکات، لەلایەکی تر خستنە پاڵ یەکتری"ناو و ئاوەڵناوە،بەڵام نووسەر سەرەتا ئاوەڵناوەکەی هێناوە دواتر ناوەکە،ئەمەش جۆرێکە لە لادان. هەروەها لە شوێنێکی تردا کاتێک باس لە"لاولاوی سپی و شادەریای سپی"دەکات باس لەو جەنگەی نێوانیان دەکات،جەنگی نێوانیان چەنگی گۆرانی گوتنە واتا بە گۆرانی لەگەڵ یەکتر دەجەنگن،(( جەنگی گۆرانییەکان ماوەیەکی درێژی خایاند، هەندێ شەو تاگەروویان خوێنی لێدەهات لە رقی یەکتر گۆرنیان دەگووت))(بەختیار عەلی:٣٠) ، لێرەدا بەکارهێنانی "جەنگ" لەبەرامبەر "گۆرانی" شتێکی نامۆیە، چونکە "جەنگ" مانایەکی قوڵتری هەیە لەوەی تەنها بیانەوێ لەرێی ئەو جەنگەوە رقی خۆیان دەربڕن یا کێبەرکێی یەکتر بکەن، هەروەها "گۆرانی"بۆخۆشییە و"جەنگ"ناخۆشی،لێرەشدا نووسەر دوو وشەی دژ بەیەکی کۆکردۆتەوە و مانایەکی نوێی بەبەرداکردووە.دووبارەکردنەوەی"کار"لەناو دەقەکەدا زۆر بەرچاو دەکەوێت، ئەم دووبارەکردنەوەیەش زۆرجار وەک پاتکردنەوەیەک وایە، لەسەرەتای دێڕەکان دووبارەیاندەکاتەوە، هەروەک دەڵێت ((دەزانم ئەودەمبیستێت...دەزانم لەناو ئەو دەشتە بەرینەدا چاوەڕوانی شتێک دەکات، دەزانم

لەناوەڕاستی ئەم پێدەشتە بەرینەدا هەموو چرپە و دەنگێکی ئینسان نرخی خۆی هەیە))(بەختیار عەلی:١٤٣)،دووبارەکردنەوەی کاری"دەزانم" جۆرێک سووربوون و دڵنیایی دەبەخشێت بە گێڕەرەوە، کە "موزەفەری سوبحەدەم"ە کاتێ لەسەرگۆڕی "سەرباسی یەکەم" شیوەن دەکات، هەروەها دووبارەکردنەوەی کارەکە جۆرێک لە شیعرییەت بوون بە گوتنەکە دەبەخشێت، کە وا دەکات خوێنەر خێرا لەگەڵ رەوتی گێڕانەوەکە بڕوات و چێژێکی پێ ببەخشیت.هەروەها دووبارەکردنەوەی رستە لەناو دەقی رۆمانەکدا بەدی دەکرێت،ئەمەش زۆرجار بۆ هێواشکردنەوەی کاتە،یا بۆ دڵنیاکردنەوەیە،بۆنمونە کاتێ "موزەفەری سوبحەدەم"دەیەوێت شوێنی"سەرباس"بزانێت و بزانێت کێیە،داوا لە "سەرباسی دووەم"دەکات زانیاری بداتێ،بەڵام ئەو لەچەند شوێنیکدا هەر ئەو دەستەواژەیە دووبارەدەکاتەوە(( نەدیمی شازادە زۆر شت دەزانێت))(بەختیار عەلی:١٩٢) ، ئەمەش بۆئەوەیە وا لەخوێنەر یا لە گێڕەرەوە بکات دڵنیابێت لەوەی "نەدیمی شازادە"پێش ئەو زانیارییەکانی وەرگرتووە و ئەو هەموو شت دەزانێت،هەر ئەم دووبارەکردنەوەیش جۆرێک لە شیعرییەت بوونی سازاندووە، کە لەگەڵ چێژی خوێندنەوەدا زیاتر هەستی پێدەکرێت.بەوشیوەیە نوسەر لەرێی دووبارەکردنەوەی وشەکان یا گونجاندنی وشەکان یا دووبارەکردنەوەی رستەکان توانیویەتی شیعرییەت بەسەر دەقەکەیدا زاڵ بکات .

شیعرییەتی ناو لە رۆمانی"دواهەمین هەناری"دونیادا : ناو یەکێکە لە گرنگترین کەرەسەکانی زمان و رۆڵیکی دیاری هەیە لە داڕشتنی رستەدا، کەم رستە و دەستەواژە هەیە "ناو"ی لەگەڵدا نەبێت، مەسەلەی شیعرییەت بوونی ناویش خۆی لە شیوازی بەکارهێنانیدا دەبینێتەوە،ئەمەش لەمەبەستی بەکارهێناندا دەردەکەوێت، کە ئەو نووسەرە بۆ چ مەبەستێک بەکاریدەهێنێت.فەزای رۆمان فەزایەکی فراوانە،بۆیە کەرەسەکانی زمان بەشێوەیەکی فراوان تێیدا بەکاردەهێنرێن،هەربۆیە هەریەک لەو کەرەسانە شیوازی خۆیان وەردەگرن لە داڕشتنی دەقدا.بەختیار عەلی" لە رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"دا بەشێوەیەکی فراوان کاری کردووە لەسەر بەکارهێنانی بەشەکانی ئاخاوتن و لەناویشیاندا چۆنیەتی بەکارهێنانی ناو،بەجۆرێک هەست بەبەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی ناو دەکەین،لە رووی ناوەرۆک و پێکهاتن و بوون و ......هتد،هەروەها هەندێک جار جۆرە ناوێکی بەکارهێناوە، کە لەدنیای واقیعدا کەمتر ئەو جۆرە ناوانە بەکاردێن،ئەمەش زیاتر خۆی لەناوی کارەکتەرەکاندا بەرجەستە دەکات یا ناوی شتەکانی دەوروبەر،ئەم ناوانەش لە فەنتازیا و خەیاڵی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە((رۆماننووس لە رۆمانەکانیدا زیاتر لەهەر شتێک هەوڵی بەرجەستەکردن و نیشاندان و هێنانەناوەوەی فانتازیای بۆ ناو دەقەکانی داوە، لە هەریەکێک لەو دەقانەشدا جۆرێکی تایبەتی فانتازیا باڵ دەکێشێت بەسەردەقەکەدا، واتە راددەی دەرکەوتنی رووکارە فانتازیاکان لە نێو ئەم دەقانە هاوسەنگ و هەمەجۆر نییە))(هیمداد حسێن بەکر و حەیات سەعید عەبدولکەریم،٢٠١٧:٣٢١)،کەواتە ئەندێشەی نووسەر سەرچاوەی داهێنانی ئەو جۆرە ناوانەن، کە لە رۆمانەکەدا بەرچاودەکەون.ناو وەک پێشتر ئاماژەمان پێکردووە،چەند جۆر دابەشکردنێکی هەیە، هەموو ئەو جۆرانەش لە رۆمانی"دواهەمین هەناری دونیا"دا بەرچاو دەکەون، کە لێرەدا دیارترینی جۆرەکان دەستنیشان دەکەین؛

ناو لە رووی پێکهاتن : ناوی سادە وناسادە دەگرێتەوە، ناوی ناسادەش ناوی دارژاو ولێکدراو دەگرێتەوە،

لێرەدا نووسەر هەریەک لەوجۆرانەی بەکارهێناوە، لەسەرەتای دەستکردن بەگێڕانەوەی رووداوەکان بەم چەند دێڕە دەستپێدەکات و دەڵێت(( من لەبەربەیانی یەکەمەوە زانیم کە دیلیکردوم، لە کۆشکێکدا، لەناو جەنگەڵ و دارستانێکی نادیاردا، ئەو پێیگوتم لەدەرەوە دەردێکی کوشندەی وەک تاعون بڵاوبۆتەوە))(بەختیار عەلی:٣)،لەم چەند دێڕەدا دەبینین چەند ناوێکی بەدوای یەکدا ریزکردووەو بەکاریهێناون، هەروەک( کۆشک، جەنگەڵ، دارستان، دەرد، تاعون) هەریەک لەو ناوانەش سادەن یا دارژاو، ناوەکانی(کۆشک، دەرد، تاعون) لەرووی رێزمانییەوە ناوی سادەن، بەڵام ناوەکانی(جەنگەڵ، دارستان)ناوی دارڕژاون. هەروەها لە شوێنێکی تردا لەسەر زاری گێڕەرەوە بەوشێوەیە باس لە "سەرباسی یەکەم" دەکات(( ئەو بوو منداڵە شیرفرۆشەکانی گواستەوە بۆ پشتی ئاسنگەرەکان، رۆنفرۆشەکانی لە مەیدانی پێش مزگەوتەکەوە تا نزیک مەیدانی مریشکەکە دوورخستەوە))(بەختیار عەلی:٩٢)، وشەکانی (منداڵ، مەیدان،مزگەوت، مریشک) ناوی سادەن، (شیرفرۆش، رۆنفرۆش)ناوی لێکدراون،( ئاسنگەر)ناوی دارژاو، لێرەدا بەکارهێنانی هەریەک لەو ناوانە و رێکخستنیان لەناو رستەکە جۆرێک لە مۆسیقای بە دێڕەکە بەخشیوە،وا لە خوێنەر دەکات بەشێوەیەکی خێرا بەدوای رووداوەکانی تری ناو گێڕانەوەکە بکەوێت،هەروەها لە رووی رەگەزییەوە ناوی رەگەزی نێر و مێی بەکارهێناوە ئەمەش لە ناوی کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکەدا بەدەردەکەوێت، کەهەریەکەیان خاوەنی سیفەتی مێینەبوون و

نێرینەبوون دەگەیەنن، کە لەدواتریشدا لەناوی کارەکتەر بەدرێژی باسی دەکەین.هەروەها لەرووی ناوەرۆکەوە هەردوو جۆر ناوی بەرجەستە و واتایی بەکارهێناوە،وەک وشەکانی(فافۆن، مس، بەرد، تفەنگ، گۆچان، دەسرِ.....) ئەوانە هەموو ناوی بەرجەستەن،( مردن، جەنگ، ئازار....) ناوی واتاین، هەریەکە لەو ناوانەش لە شوێنی جیاجیای گێرانەوەکەدا بەدیدەکرێن.

جگە لەو جۆرەناوانەی بەکارهاتوون،لیرەدا باس لەهەریەک لە ناوی کارەکتەر و ناونیشانی رۆمانەکە دەکەین، کە هەریەک لەوانە جۆرێک لە توانا و سەلیقە و بیرتیژی نووسەر دەردەخەن لەهەڵبژاردنی ئەو ناوانەی بەکاریهێناون.

١-ناوی کارەکتەر : کارەکتەر ئەو ڤیگۆرە سەرەکیەیە، کە رۆڵێکی کاریگەری لە بنیاتنانی رۆماندا هەیە، یەکێکە لەو رەگەزانەی جێگەی بایەخ و گرنگی پێدان بووە هەر لە سەردەمی یۆنانیەکانەوە تا سەدەی هەژدەو دواتریش، ئەگەر چاوێک بەم مێژووەدا بخشێنین و لە سەدەی نۆزدەدا کارەکتەر شوێنێکی دیاری لە هونەری رۆماندا پێدراوە، بەتایبەتی لەگەڵ پێشکەوتنی بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسیدا کەسایەتیەکان ئیدی رۆڵێکی جیاوازتریان دەگێرا لەوەی پێشتر پێیان درابوو. لەوە بەدوا کارەکتەرەکان گوزارشتیان لەو واقیعە دەکرد کە تێیدا دەژیان. نوێنەرایەتی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگایان دەکرد. ئەگەر لە ژانرە داستان ئامێزەکاندا پاڵەوانان رۆڵی سیفەتی خواوەند و هێز و بازویان گێرابێت، یان تەنیا وەسفی روخساری دەرەوە و هێزی جەستە گرنگی پێدرا بێت، ئەوا ئەم وێنانە گۆران و کەسێتیەکان لە پاڵەوانەوە بونە کارەکتەر، لە خواوەندیشەوە هێنرانە ئاستی مرۆڤ. لێرەوە کارەکتەرەکان هەڵدەستان بە وێناکردنی ژیانی کەسەکان و بەرەو ناخی کارەکتەرەکان و دیوەشاراوەکانی مرۆڤ و ئازارەکانی کۆمەڵگا شۆرِدەبونەوە. لێرەوە رۆڵێکی جیاوازتریان لەوانەی پێش خۆیان دەگێراو پاڵەوان بوونی نەما، کەسایەتی هاوشێوەی مرۆڤ جێی گرتنەوە، بۆیە لەسادەترین پێناسەدا دەتوانین بڵێین (( کارەکتەر ئەو بونەوەرە دروستکراوەی ناو چیرۆک و رۆمانن کە نوسەر دەیئافرێنێ و هەڵسوراوانە دەیخاتە ناو رووداوەکانەوە. بونی کارەکتەر وەک مۆدێلێکی لە واقیع خوازراو بەسەرلەنوێی پێداچونەوەی، کارێکە چیرۆک نوسان دەیکەن تا مەبەستی هونەری و هزری خۆیانی پێ بهێننە دی ))(بوشرا کەسنەزانی،٢٠١٢:١١٨)هاوکات کارەکتەر پەیوەندیەکی بارگاوی بە گشت رەگەزەکانی دیکەی رۆمانەوە هەیەو کار لەیەکتر دەکەن، رووداوەکان با هۆی کارەکتەرەوە هەڵکشان و داکشان بەخۆیانەوە دەبینن، لێرەدا نووسەر جەخت لە کاریگەری رەگەزی کارەکتەر دەکات لە بنیاتی رۆماندا هەروەها پەیوەستیان پێکەوە لەگەڵ رووداودا. هەروەها ناونانی کارەکتەرەکان بایەخێکی گرنگی هەیە، کە زۆر جار وا پێویست دەکات ئەو ناوە لەگەڵ کەسایەتی کارەکتەرەکان بێتەوە، ئەوەش لە ئەزموونی خوێندنەوەی جۆراوجۆر و ئەندێشەی فراوانی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش جێگای بایەخی نووسەران بووە، چونکە ئەو کەسایەتییانەی نووسەر لەدەقەکەیدا دیاریان دەکات، زۆر جار لە رێی ناوی کارەکتەرەکانەوە بەرجەستە دەبن،((ئەو ناوە تایبەتییانەی نووسەر هەڵیان دەبژێرێت نە نمونەیین نەتایبەتمەندییە،لێرەدا پێویستە ناوی خوازراو جیابکرێتەوە لە ناوی کۆمیدی بە پێی دەوروبەرو کارتێکردنی هێمایی))(تزیفتان تۆدۆرۆف٢٠٠٥:٧٨)."بەختیار عەلی" یەکێکە لەو نووسەرانەی، کە گرنگی زۆر بە ناوی کارەکتەرەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی کارەکتەرەکان دەدات،بەجۆرێک هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکان بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی لە رۆماننوسەکانی تر، کە ئەمەش لە بیر وردی و سەلیقەیی و ئەندێشەی فراوانییەوە سەرچاوەی گرتووە.لە رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"دا نزیکی"٢٥" بۆ"٣٠" ناوی بەکارهێناوە، "٢٢" ناو ناوی کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکە پێکدەهێنن و ئەو ناوانەی تریش وەک ناوێک بەکاریهێناون، کە بوونێکی فیزیکیان نییە لە رۆمانەکەدا،هەروەها ئەو ناوانەی بەکاریهێناون بەشی هەرە زۆریان لە دروستکردن و دانانی نووسەر خۆیەتی،واتە هەمان ئەو ناوانە نین، کە لە کۆمەڵگادا سەرچاوەیان گرتبێت،یا لە کلتوری کۆمەڵگاکەدا هەبن،تەنها چەند ناوێک نەبێت، وەک ناوی(چیمەن، سلێمانی مەزن، کەیخوسرەو ئاغا...)بەڵام ناوەکانی تر زۆربەیان ناوی لێکدراون، لە دوو بەش پێك هاتوون، بەشێکیان ئەو ناوانەن، کە لەکلتوری کۆمەڵگاکەدا بوونیان هەیە، بەشیکی تریان دەگەرِێتەوە بۆ ئیش و پێگەکەیان یا بەهۆی ئەندێشەی نووسەرەوە دانراون. ئەو ناوانەی لەو رۆمانەدا هەن بریتین لە(موزەفەری سوبحەدەم، سەریاسی سوبحەدەم"یەکەم"، سەریاسی دووەم، سەریاسی بچکۆلە"سێیەم"، یاقوبی سنەوبەر، محەمەدی دڵ شوشە، نەدیمی شازادە، لاولاوی سپی، شادەریای سپی، ئیکرامی کێو، سەی جەلالی شەمس، موژدەی سەی جەلالی شەمس، مەلیک دولبەر، کەریمی شیرین، چیمەن خان، گوڵی ئاگر، ئەستێرەی رەش، ئیدریسی هەنگوین، تەیفور پاشا، عەباسی فافۆن، کەیخوسرەو ئاغا، سلێمانی مەزن،ساماڵی کونجی،خەلیل هورمز..) هەندێک لەو ناوانە کارەکتەری سەرەکین و بەشیکی تریان کارەکتەری لاوەکین، لەگەڵ بەشێک لەو رووداوانەی پەیوەستن

بەوانەوە دێن و دواتر نامێنن. ئەوەی لەو ناوانەدا بۆتە هۆی دروست بوونی شیعرییەت ئەوەیە بەشیک لەو ناوانە بەهۆی سیفەتەکانیانەوە دراونەتە پاڵ خاوەنەکانیان، بەواتایەکی تر هەر یەک لەو ناوانە هەڵگری مانایەکی قوڵن، کە دەبنە خاسیەت و سیفاتێک بۆ خاوەنەکەیان، هەروەک کاتێ باس لە "ئیدریسی هەنگوین"دەکات، باس لەوەدەکات بۆ ئەو نازناوەی"هەنگوین"ی هەڵگرتووە((ئەو گەنجێک بوو، سەربوردێکی سەیری هەبوو...بەگەنجی توانایەکی سەیری هەبوو لە دۆزینەوەی دارهەنگەکاندا، بە شادییەکی بێسنوورەوە کێواوکێو دوای مۆسیقای باڵیان کەوتبوو...هەستێک و بۆنێکی بەهێز و سەلیقەیەکی نائاسایی لە دۆزینەوەی باشترین هەنگویندا هەبوو... تاکە شتێک تیا نامرێت حەزێکی ئەفسوناوییە لە هەنگوین))(بەختیار عەلی:١٨١)،هەر ئەمەشە بایەخ و گرنگی ناوی کارەکتەر لە رۆمان و هونەری گێڕانەوەدا دەردەخات، هەروەک "چۆمسکی" لەو بارەیەوە دەڵێت(( بەهۆی خوێندنەوەی رۆمان فێردەبین و ئەوەندە زانیاریمان دەست دەکەوێت لە بارەی کەسایەتیەوە ، چۆن بیر دەکەنەوەو هەستیان دەبزوێت و هەڵسوکەوت دەکەن . لەوە زۆرترکە دەروونزانێکی سرووشتی فێرمان دەکات))(عەبدوڵا سەراج،٢٠٠٧:١٠)،هەروەها لە هەڵبژاردنی ناوەکاندا لە ناوی تاکە کەسییەوە بەرەو گشتیان دەبات، بۆنمونە لەیەک کاتدا (سێ) کارەکتەر بەناوی "سەرباسی سوبحەدەم"بوونیان هەیە، کە هیچیان لەیەکتر ناچن و هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لەدواتردا دەگاتەوە ئەوەی ئەوە چیرۆکی تەنها سەرباسێک و سەرباسێکی تر نیە، بەڵکو دەشێت چەندین سەرباسی تر هەمان بارودۆخی ئەوانیان هەبێت و هەموویان لای یەکتر نەبن، بەواتایەکی تر چیرۆکی سەرباسەکان کۆتایی نایەت((وشەی سەرباس ناوێکی ترە لە بری مانا گشتی و مەجازییەکەی ئینسان بەکاریدەهێنین. پێمدەگووتن چیرۆکی سەرباسەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر رەنگێک وەربگرێت بەهەر رێگایەکدا بڕوات، لەوە دەرناچێت، کە چیرۆکی هەموو ئەوانەیە لەم سەرزەوییەدا بێهیچ کۆمەکییەک کەوتوونەتە ناو گەردەلوولەکانەوە.))(بەختیار عەلی:٢٦٦)،هەروەها لە شوێنێکی تر لەسەر زمانی "موزەفەری سوبحەدەم" بەم شیوەیە باس لە "دواهەمین سەرباس"دەکات، کە مەبەست لێی "سەرباسی سێیەم"ە((ئێستاش واتێدەگەم ئەو دواهەمین سەرباسی دونیا نەبوو، بەڵکو دواهەمین سەرباسی ژیانی من بوو))(بەختیارعەلی:٢٦٥)،بەو شێوەیە چیرۆکی سەرباسەکان چیرۆکی یەک کەس نییە بەڵکو دەکرێت چیرۆکی چەندەها کەسی تر بێت، کە هاوشێوەی ئەوان ژیاون. هەروەها کاتێک باس لە "سینەی کەژاڵ" دەکات، سەرەتا خوێنەر هەست ناکات، کە مەبەستی ئەو عارەبانە دەستگێڕەی کەژاڵە، کە بۆ شت فرۆشتن بەکاریدەهێنێت، چونکە وشەی "سینە"زیاتر بۆ سنگ و بەرۆکی ژنان بەکاردێت، تا ئەوکاتەی گێڕەرەوە بەو شێوەیە بۆ موزەفەری سوبحەدەمی روونەدەکاتەوە((لە ژێر ئەو درەختەدا سەرباس بڕیاری دابوو "سینەی کەژاڵ"بکڕێت. ئاه.....بووەستە دەزانی "سینەی کەژاڵ" چییە؟ عارەبانە چکۆلە دەستییەکەی خۆیەتی کە بەبازاڕدا دەیگێڕا))(بەختیار عەلی:٢٤٠)،لێرەدا لەو وەستان و بەبیرهێنانەوەیەی، کە گێڕەرەوە بەکاریدەهێنێت جۆرێک لە ئیقاعی تێدا، کە دەبێتە هۆی بوونی شیعرییەت لای خوێنەر.هەروەها دروست بوونی هەریەکێك لەو ناوانە بە پێی یاسا زمانییەکان دروستبوون، هەروەک ناوێکی لێکدراو خۆیان دەنوێنن، ئەمەش بەیاسای// ناو + ئامرازی خستنەپاڵ(ی) +ناوێکی تر یا ئاوەڵناوێک

ئیدریس + ی + هەنگوین ، لاولاو+ ی + سپی

هەروەها نووسەر بۆ هەندێک لەو ناوانە ناوی دووەمیشی داناوە، بەجۆرێکیتر بڵێین، کاتێک کارەکتەرێک ناوێکی هەیە، ناوێکی تریشی بۆ بەکارهێناوە، کە زیاتر لە کەسێتی دا رەنگ بداتەوە، بۆنموونە "سەرباسی دووەم" هەندێ جار پێی دەڵێن" سەرباسی چەپەڵ، یا پرۆفیسۆری دڵە تاریکەکان" ئەمەش لەبەر ئەو دڵ رەق و بێ هەستییەیەتی، کەهەیەتی، یا "سەرباسی یەکەم" زۆرجار پێی دەڵێن "پرۆفیسۆری شەوە تاریکەکان، یا مارشاڵ" ئەمەش دەرئەنجامی ئەو کەسایەتییە بەهێزەیە، کە هەیەتی لە رۆمانەکەدا. لەبەر ئەوە نووسەر زۆر بە وردبینی و لێزانانەوە مامەڵەی لەگەڵ ناوانی کارەکتەرەکان کردووە، کە هەریەکەیان سیمایەکی تایبەت بەخۆی هەیە .

٢ -ناونیشانی رۆمان: ناونیشان وەک ڕەگەزێکی گرنگی هونەری گێڕانەوە، بەهایەکی تایبەتی هەیە لە ئاستی پێکهاتەی بونیاتی دەقە ئەدەبییەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا بە کلیلی دەق دادەنرێت، چونکە ڕێگەیەکە یارمەتیمان دەدات بۆ ڕاڤە کرنی کۆدەکانی دەق، هەروەها دەروازەیەکیش والا دەکات بۆ چونە نێو دەقەکە.زۆرێک لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران خۆیان بەم ڕەگەزەوە خەریک کردوە. هەندێکیان بە ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی دەقیان داناوە و تەنانەت وەک زانستێک ناساندویانە.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان

گرنگیان پێنەداوە و تەنیا بە دەربڕینێکی زمانیان داناوە . لەگەڵ ئەوەشدا ناونیشان لە پێکهاتەی دەق ئەدەبیدا گرنگییەکی بەرچاوی هەیە،کۆمەڵێک دەلالەتی واتای و کۆبونەوەی بەشێک لە ناوەڕۆکی دەق لە چوارچێوەی دەربڕینێکی کورت و ئیجا بەخشدا لە خۆدەگرێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕوویەکی تری دەقە و یەکەم خاڵی بەریەک کەوتنی هەردوو رەگەزی دەق و خوێنەرە ، ناونیشان وێرای گەیاندنی بەشێک لە زانیاریەکانی نێو دەق بە خێرای بۆ خوێنەر ، بەهای دەقەکەش بەرزتر دەکاتەوە، هەروەها لە ئاستی دەلالیشدا خاوەنی قوڵبوونەوەیەکی واتاییە لە دەلالەتی گشتی دەقەکە، بەشێک لە سیماو ئاماژە دەلالیەکانی تێدایە. هاوکات ((سیستمێکی سیمۆلۆژیەو ڕەهەندی دەلالی و نیشانەی هەیە، هانی توێژەران دەدات، بە دوای دەلالەتەکانەوە بێت، هەوڵی کردنەوەی کۆدەکان بدات))(حەمە مەنتک،٢٠١٧:٤٠)یەکێک لەو ڕەهەندانەی، کە شیعرییەت بە ناونیشان دەبەخشێ،مانەوەی ئەو ناونیشانەیە لە زەینی خوێنەردا بێگومان ئەم مانەوەیەش هۆکارەکەی هەڵبژاردنی ناونیشانێکە، کە کۆمەڵیک ئەرکی جوانکاری و ئێستاتیکای لە خۆیدا هەڵگرتبێت و جێی سەرنجی خوێنەر بێت، تا لەوێوە بیرکردنەوەیەک دروست بکات وا لە خوێنەر بکات واتای جۆراوجۆری لێبەدەست بهێنێت چونکە ((هەموو ناونیشانێک لە چەند دالێک پێکهاتوە. لە پەیوەندی لە نێوان دالانەدا ڕیتمێک بونی هەیە ئەو ڕیتمە شیعرییەتێک بە ناونیشانەکە دەبەخشیت، هاوکات گەمەکردن لەگەڵ دالەکان وەکو لێکدانی وشەو پارادۆکسەکان، وێنەی هونەری بەرهەم دێنن لێرەدا شیعرییەتی ناونیشان دروست دەبێت))(حەمەمەنتک،٢٠١٧:٤٨)لێرەوە خوێنەر دەخاتە نێو گەردەلولی بیرکردنەوەو زۆرترین مەدلول لای خوێنەر دروست دەبێت،هەروەها ناونیشان دەبێتە ئەڵقەیەکی گەیاندن بۆ ئەوەی زانیاریەکانی نێو دەقەکە بۆ خوێنەر بگوازرێتەوە،((لە میانی کەنالێکی پەیوەند کردندا پەیامیکی کورتی چڕی نوسەری هەڵگرتووە، کە ئاڕاستەی خوێنەری دەکات ، تاکو لە ڕێگەی شیکردنەوەی پێکهاتەی شیعرییەتی ناونیشانەکەوە ئەم ئاماژە ورد و چڕانە بدۆزێتەوە، کە لە شیعرییەتەکەی دا بەدەردەکەون))(شاخەوان فەرهاد محەمەد،٢٠١٤:٣٣)هاوکات ناونیشان کاری دەق لە ئاستی سیمانتیکدا ئاسان دەکات چونکە هیچ دەلالەتێک بە بێ ناونیشان ناتوانێ بە جوانی دەربکەوێت ، هەروەک ناونیشانیش بەبێ دەق دەلالەت نابەخشێت (( ڕەنگە یەکێک لە وەزیفەکانی ناونیشان یارمەتیدانی دەرخستنی تێمە بێت، بەڵام وەزیفەیەکی گرنگی تریشی هەیە، کە بریتیە لە دەرخستنی ئاستەکانی سیمانتیک و یارمەتیدەرێشە بۆ چونە نێودەق،ئەمەش بۆ ناونیشانی گشت دەقێک وانیە، بەڵکو بۆ ئەو دەقانە وایە کە نوسەرەکەی بە هۆشیاریەوە ناونیشان هەڵدەبژێرێت))(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،٢٠٠٦:٧٧).دەتوانین بڵێین"بەختیار عەلی"یەکێکە لەو نوسەرانە، چونکە لە هەڵبژارنی ناونیشانی دەقەکانی دا خۆی بە دوور دەگرێت لە ناونیشانی سادەو ئاسایی، یان ئەو جۆرە ناویشانانەی، کە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ تێمی دەقەکە ، بەڵکو بە هۆی ئیشکردنی لە زمان ، شیعرییەتی نوسینی ڕۆمانەکانی و هەڵبژاردنی بابەت و تەنانەت ناونیشانیش خوێنەر ئەخاتە ناو فەزایەکی سیحری و دنیایەکی فانتازی قوڵی خەیاڵ و فراوانی واتا بۆ زیاتر تێگەیشتن لە جیهانی سیحری فانتازی ناونیشانەکانی پێویستمان بە ڕامان و لێکدانەوەیەکی وردی واتا هەیە. ڕۆمانی"دواهەمین هەناری دونیا" یەکێکە لەو ڕۆمانانەی، کە ناونیشانێکی نوێی لە خۆگرتووە، وەکو پێکهاتەی زمانی "گرێیەکی ناوی"یە و وەکو ناوێکی تایبەتی بەکارهاتووە، پێکهاتووە لە وشەی(دواهەمین + هەنار+ ی +دونیا)هەریەک لەمانەش لەپێکهاتەی زمانەکەدا بەشیکن لەکەرەسەکانی ئاخاوتن(هاوەڵناو+ ناو+ ئامراز+ ناو)، بەبێ ئەوەی کار لە رستەکەدا بوونی هەبێت، ئەمەش پرسیار لای خوێنەر دروست دەکات بەوەی بپرسێت( ئەو دارهەناره چییە؟ ، لەکوێ یە؟ بۆ پێی دەگووترێت دواهەمین؟...) ئەمەش سیحری ناونیشانەکە دەردەخات و خوێنەر کەمەندکێش دەکات بۆ گەڕان بەدوای دیوە شاراوەکانی دەقەکە.(( ڕۆماننووس دەبێت پابەند بێت بەوەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی مەبەستی هێما ئامێزانەی ناونیشانەکەی وئەو پرسیارانەی لای خوێنەر دروستدەبن))(تانیا ئەسعەد محمەد،٢٠١٨:٩٠). ڕوویەکی تری جوانی ناونیشان چەسپاندنی ناونیشانە لە مێشکی خوێنەردا، ئەمەش دەکرێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، کە خوێنەر بەدوایدا وێڵە. ناویشانی سەرەکی لەناو ڕۆمانەکەدا لە چەندین شوێن دا دووبارە بۆتەوە، هەروەک(( دواهەمین هەناری دونیا هەنارێکی چکۆلانەیە لەکۆتایی لوتکەیەکدا کە پێچەوانەی هەر چیایەکی تر ، لەسەرەوەڕا وەک مەیدانێکی گەورەی جریتبازی تەختبۆتەوە، لەو تەختاییەدا یەک درەختی چکۆلانە نێژراوە))(بەختیار عەلی:١٠٨)،دووبارەبوونەوەی ناونیشانی سەرەکی دەبێتە هۆی پێکەوەبەستنی ئەڵقەی ڕووداوەکان بەیەکتر و هەروەها زنجیری بیرکردنەوەکانی خوێنەر ناپسێت و بڵاونابێت. جگە لەناونیشانی سەرەکی هەریەک لە وشەکانی( دواهەمین ، هەنار ،دونیا) لەچەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا دووبارەبوونەتەوەو بەردەوام ئامادەییان هەیە لە زەینی خوێنەردا، هەروەک لە هەندێ

شوێندا "دواهەمین هەناری دونیا" وەک "دواهەمین شەوی دونیا" یا " دواهەمین شەوی هاوڕێیەتی' بەرجەستە دەبێت، هەروەک چۆن ئەو درەختی هەنارە دواهەمین درەخت نیە، بەهەمان شێوە شەوێکیش نیە بەناوی کۆتا شەوی دونیا، هەروەها هاوڕێیەتی ئەوان بەستراوەتەوە بە مردنی هەریەکەیان و دیارنەمانیان. وشەی "هەنار" لای نووسەر پیرۆزییەکی هەیە، کەمانای "ژیانەوە و نوێبوونەوە و بەردەوامی دەبەخشێت، لەو دەقەدا رۆماننووس بەراوردێکی جوانی "هەنار وتفەنگ"دەکات، کە تێیدا "تفەنگ" واتای " دۆڕان، شکست، گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا، بێ هیوایی...دەگەینێت((مردنی ئەوان منی گێڕایەوە بۆ جەنگ، هەموو ژیانی من لەناو ئەو هەنارە شوشەییەدا بوو، منیش تاهێزم هەبوو فڕێمدا، فڕێمداو هاتم بەرەو جەهەنەم))(بەختیار عەلی:٢٢٨)،تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت(( من دوای سەرباسی مەزن هەستمکرد ناتوانم ئاسودە بژیم...لە تفەنگ زیاتر هیچ شتێک لەو وڵاتەدا نەبوو هەڵیگرم))(بەختیار عەلی:٢٢٩)،لێرەدا "سەرباسی دووەم" بەجۆرێک نائومێد بووە لەژیان، کە بە فڕێدانی ئەو هەنارەی تاکە یادگاری و شوناسی ئەو بوو، ببێتە کەسێکی تر. هەروەها لەناو دەقەکەدا بەچەندین شێوە، هەریەک لە وشەکانی ناونیشانەکە دەبینین، هەروەک( دواهەمین هاوڕێ، دواهەمین سەرباس، دواهەمین شەو، دواهەمین رۆژ...) ئەمانەش دەبنە هۆکارێک بۆ زیندوو هێشتنەوەی ناونیشان لەلای خوێنەر و چەسپاندنی لە هزری خوێنەردا.

رۆڵی ناو لە پێکهاتنی وێنەی هونەریدا : وێنەی هونەری بەگرنگترین لایەنەکانی پیکهاتەی دەق دادەنرێت، بەگەلێک شێوە دروست دەبێت و ئەرکی جیاجیا دەبینێت، هەروەک ئەرکی جوانکاری و روونکردنەوەیی و گوزارشتکردن و چەندین ئەرکی تری زمانەوانی و ئەدەبی، کە دەکرێت نووسەر لەهەر وینەیەکدا. وێنەی هونەری لەهەر دەقێکی ئەدەبی دا هەڵگری خەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانەیە، کەدەبێتە هۆی سازانی شیعرییەت لەدەقەکەدا، بەو پێیە ئەرکی وێنە و شیعرییەت پەیوەندییەکی پێکەوە گرێدراوە(( ئەرکی وێنە چڕکردنەوەیە و شیعرییەتیش چڕکردنەوەی زمانە))(جان کوهین،١٤٥:١٩٨٦)هەربۆیە شێوازی بەکارهێنانی زمان و دروستکردنی وێنەی هونەری لەڕێی کەرەسەکانی زمانەوە شیعرییەت دێنێتە ئاراوە، چونکە چڕکردنەوەی زمانەکە دەبێتە هۆی ئەوەی وێنە و تێگەیشتنی نوێ لای خوێنەر دروست بکات، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات بەدوای مانا شاراوەکانی ئەو وێنانەدا بگەڕێت. دروست بوونی ئەو وێنانەش دەکرێت لە رێی لێکچواندن بیت یا خواستن یا هونەری تر، کە نووسەر بتوانێت لە رێی دەقەکەیەوە دروستیان بکات. "بەختیار عەلی" لە رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا" لە رێی ئەو ناوانەی بەکاریهێناون، چەندین وێنەی هونەری بەرجەستە دەکەن، بۆنمونە ناوی" محەمەدی دڵشوشە" بۆخۆی وێنەیەک لە هزری خوێنەرد بەرجەستەدەکات، کە ئەویش ئەوەیە" کوڕێکە دڵی وەک شوشە وایە" نووسەر لەجیاتی بەکارهێنانی ئەو وشانە تەنها دو وشەی وەرگرتووە، توانیویەتی زمانەکە چڕبکاتەوە و وێنەیەکیش دروست بکات. یا کاتێک باس لە "گوڵی ئاگر"دەکات بەو شیوەیە لە دواتردا روونکردنەوەی بۆدەکات((باسی هاوڕێیەکی دەکرد بە ئاگرێکی ئەزەلییەوە لە چیاکان هاتبووە خوارێ ، ئاگرێک هەرگیز ناکوژێتەوە، بەو ئاگرەوە خۆی کردبوو بە شارەکاندا..پێیان دەگووت گوڵی ئاگر))(بەختیار عەلی:٢٨١)،نووسەر لە بەکارهێنان و چرکردنەوەی زمانەکە لێهاتووە، دەزانێت وشەکان لە کوێ و بۆچی بەکاردەهێنێت. لێرەدا "گوڵ " سیفاتی خۆشەویستی تێدا زاڵە و"ئاگر" سیفاتی توڕەیی، یا گەرمی، لێکدانی ئەو دوو سیفاتەش پێکەوە مانایەکی تر دەدات بەکارەکتەری ناو رۆمانەکە، کە دەبێتە سەرچاوەی شیعرییەت.هەروەها ناوەکانی تری وەک( لاولاوی سپی، کەمالی شیرین، ئیدریسی هەنگوین،...) هەمان وێنەی هونەری لە خۆ دەگرن.

**ئەنجام:**

• شیعرییەت چڕکردنەوەی زمانە لە دوو توێی زماندا لەناوکردەی ئەدەبیدا، وەک یەکێک لە ئەرکەکانی زمان لەناو دەق ئەدەبی دا خۆی دەنوێنێت.رۆمان وەک ژانەرێکی درێژ و قوڵ، بونیاتی خۆی هەیە و دەشێت رەگەزەکانی شیعرییەت لەناویدا رەنگبدەنەوە، ئەوەش دەکەوێتە سەر دونیابینی و سەلیقەیی و شارەزایی نووسەر لە هەڵبژاردنی کەرەسە زمانییەکان و چۆنیەتی رێکخستنیان لە بۆتەی دەقێکی پەخشانی دا.

• بەختیار عەلی یەکێکە لەو رۆماننووسانەی، شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە لە هونەری رۆماننووسیندا، هەروەها بەجۆرێک یاری بەکەرەسەکانی زمان دەکات، کە شیعرییەت دەهێننە ئاراوە و بەخەسڵەتی تایبەتی خۆی دادەنرێن

- ناونیشانی رۆمانی "دواهەمین هەناری دونیا"ی بەختیار عەلی یەکێکە لەو ناونیشانانەی دەبێتە جێی تێرامان و پرسیار لای خوێنەر، هەروەها لە رێی دووبارەکردنەوەی ناونیشان و ئەو وشانەی ناونیشان پێکدەهێنن لەناو دەقەکەیدا، سەرنجی خوێنەر لەسەر کۆی کارەکتەر و رووداوەکانی ناو رۆمانەکەی دەچەسپێنێت.
- بەشە سەرەکییەکانی زمان لە ناو رۆمانەکەدا ئەرکی جیاوازیان پێدراوە، هەروەک لە رێی دووبارە کردنەوە و دروست کردنی وێنەی هونەری لێیان جۆرێک لە شیعریەتیان بەدیهێناوە. بەشە ئاخاوتنی " ناو" لە رێی ناوی کارەکتەر و ناوی شت و ناوی شوێن و .... گرنگی و بەهای تایبەتی هەیە، کە بۆتە خاڵی جیاکەرەوەی نووسەر.

سەرچاوەکان:


کتێبی کوردی:

1 - ئەرستۆ (هونەری شیعر).و:عەزیز گەردی. چاپخانەی کەنج 2011.

2 - ئیدریس عبدالله. شێوازگەری.چاپخانەی دەریا، هەولێر، 2013.

3 - ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی،مۆرفۆلۆژی،ب١،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد،١٩٧٩.

4 - ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا، چ٢،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، ١٩٨٧.

5 - بەسام قطوس،دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ،و:د. محەمەد تاتانی، چ١،چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.

6 - بەختیار عەلی،دواهەمین هەناری دونیا، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٣.

7 - بوشرا کەسنەزانی،پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی 1995-2005، سلێمانی 2012.

8 - جەبار جەمال غەریب، ئەو باڵندە فڕیوانەی کەزێلن، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠١١.

9 - حەمە مەنتک ، سیمۆلۆژیای ناونیشان ، چاپخانەی رۆشنبیرهەولێر2017.

10 - سافیە محەمەد ئەحمەد، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر، ٢٠١٣.

11 - شاخەوان فەرهاد محەمەد، کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی رۆژهەلات 2014.

12 - عەبدولخالق یەعقوبی، دەنگی بلورینی دەق، چ١،؟ ؟، ٢٠٠٢.

13 - عەبدوڵا پەشێو، دیوانی شیعری، چ١، سوید،٢٠٠٢.

14 - عەبدوڵلا سەراج. بەرەوئاستانەی رۆمان و گۆشەنیگاکان ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم سلێمانی 2007.

15 - محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، چ١، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٠.

16 - محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، پێکهاتەی زمانی شیعری، چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر،٢٠١٢.

17 - نعمان بوقرە،ئاراستەکانی زمانەوانی لە سۆسێرەوە تاچۆمسکی،و: نەریمان عەبدولا خۆشناو، چ١،چاپخانەی رۆژهەلات،هەولێر،٢٠١٦.

18 - نەجات حەمید ئەحمەد، بنیاتی شاراوە، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨.

19 - نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد م ئەزمونی خوێندنەوەی چاند لاپەرەیەکی رەخنەیی ، چاپخانەی کوردستان ، سلێمانی 2006.

20 - نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، بەشەکانی ئاخاوتن، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

21 - نالی، دیوان، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕریس و فاتیح عەبدولکەریم، چ٨، انتشارات کردستان، سنە، ١٣٩١.

22 - هێمن عومەر خۆشناو،شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

کتێبی عەرەبی:

23 - السيد احمد الهاشمي، القواعد الاساسية للغة العربية،دار المعرفة، بيروت، لبنان، ٢٠٠٥.

24 - تزيفطان تودوروف، مفاهيم الاسرديه،و:عبدالرحمان مزيان،ط١، منشورات الاختيلاف،؟، ٢٠٠٥.

25 - جان كوهن،بنية اللغة الشعرية.ت:محمد الوالى العمرى ط1 دار توبقال للنشر، دار البيضاء 1986.

26 - د.بشير تاوريريت، الحقيقة الشعرية،ط١، مطبعة عالم الكتب الحديث ، اربد- اردن،٢٠١٠.

27 - د.على عبدالواحد وافى،علم اللغة، ط ٩، نهضة مصر للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٤.

28- رۆمان یاکبسون، قضایا الشعریة، ت؛ محمد الولی و مبارک حنون،ط١،دارتوقبال للنشر،دار البیضاء، المغریب، ١٩٨٨.

29- ماریو پای، أسس علم اللغة،ت: احمد مختار عمر،ط٨،القاهرة، ١٩٩٨.

30- - فؤاد نعمة، قواعد اللغة العربیة، ط ١٢، نهضة مصر للطباعة، قاهرة،؟.

گۆڤاری کوردی:

31- تانیا ئەسعەد محمەد ساڵح، ناونیشانی سەرەکی لە رۆمانی"شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیارعەلی دا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین،بەرگی٢٢،ژ.٦،هەولێر،٢٠١٨.

32- موحسین عەلی حوسێن، دوانەکانی سۆسێرو گرنگییان لە زمانەوانیدا، گ.زمانناسی، ژ.١٥، هەولێر، ٢٠١٤.

33- هیمداد حسێن بەکرو حەیات سەعید عەبدولکەریم، بە فانتازیاکردنی کەسایەتی لە رۆمانەکانی بەختیار عەلی، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین، ب٢١،ژ٦، هەولێر،٢٠١٧.

نامەی زانکۆیی:

34- دلاوەر ئیبراهیم حمە ساڵح . (شیعرییەت لە دەقەکانی ئەنوەر قادر محەمەد)دا .نامەی ماستەر سلێمانی 2015.

35- خەلیل ئیبراهیم مستەفا (شیعرییەتی دەق بە نمونە شیعریە کوردیەکانی مەحوی)نامەی ماستەرهەولێر 2009

36- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە رووی زمانەوانیەوە، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧،ل:٣٣.